# کۆدی ئامێری موزیکی لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی

هزر و بیر و بۆچوون لە شیعری شاعیرانی ولاتی (ئاریانڤاچ)دا، وەک:

باخێکی بەردار وایە، کە لە پاییزدا باخەوان، بەرهەمەکەی کۆدەکاتەوە، ئەوەندە شیعرەکانی مەولەوی پڕ سەمەرن. لە هەر بەیتێکی شیعریدا، ئەوەندە هزرت دەداتێ کە مرۆڤ سەرسام دەبیت، لە باخچەی شیعرەکاندا هەر یەکە، بە نەوایەک، یان ئاوازێ، دەتوانێ ئەو ئەندێشە و بۆچوونانە بەبیرێکی پاک فەراهەم بهێنێت.

موزیکی هەورامان، دەسندەخۆری هیچ ئەدەب و فەرهەنگێ نییە، تەنیا سەرچاوەی ڕەسەنی لە بوومی (هەورامان)دا قەرار گرتووە. مایە ناڕەواجی لە بەرهەمی (مەولەوی)دا نابینرێ، چونکە ئەو کەرەستە و وشە و ڕستانە، هەر هەموویان وابەستەی ئەو خاک و خۆڵەن، کە پیت و فەڕەکەی لە ولاتی واچەواچ، یان ڤاچەڤاچ، یان ئاریانڤاچەکانەوە، سەرچاوەی ڕووناکی گرتووە.

ولاتی پەروەردەکەری (پاوەر و ژیرلاومەرێ) بێ ئیدی ئەو هونەر و ئاوازە لە سەردەمی جانیشتەی ئەشکەوتەوە تا ئەمڕۆ هەر بە بەردەوامی فەرهەنگ و هونەری خۆی نوێ دەکاتەوە.ساتێ نابینم کە بڵێن فلانە شاعیر، شیعری لە شاعیرێکی ترەوە وەرگرتبێ، ئەوەش ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن کە بە هۆشێکی ژیرانە هاتووەتە بەرهەم.

دەروون تەنگی لە گەرووی هونەرمەندانی (هەورامان)ی تێدا بەدی ناکرێت. لێرەدا پرسیارێ دێتە سەرگۆشەی باسەکەوە، ئایا تەنیا مەولەوی لە شیعرەکانیدا کۆدی موزیکی هەیە؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە، زۆربەی شاعیرانی



مەولەوی

هەورامان، ئەو کۆدە موزیکیەیان بەکارهێناوە، بەڵام مەولەوی قافڵەی خۆی نارەواج نەکردووە، بگرە زۆربەی دیوانەکەی بە کۆدی موزیکی ڕازاندووەتەوە. کاتێک ئاواز دانەرێک، یان موزیسیانێک، لە شیعرەکانی ورد دەبێتەوە، خامە بۆ هەر شیعرێک بەکاردێنێ، سەرسام دەبێت. کام کۆپلە، یان کام داستانە شیعر بکات بە گۆرانی؟

هەرچەندە شیعری مەولەوی لەسەر کێشی خۆماڵین، هونەرمەند ماندوو ناکات، چونکە شیعری بڕگە، یان شیعری پەنجە(٥+٥) ڕیتمی ئاوازەکە ئاسان دەکات، هەروەک ئاماژەم بەوە داوە کە هونەر لە هەورامان پەیدابووە، ئیدی چما شیعری بڕگەیی چۆن ئاوێتەی ڕوحی ئاوازەکان نابێت؟ پیرۆزبوونی موزیک لە شیعری پەنجەییدا زیاتر دەردەکەوێت، لەناو میللەتی ئێمەدا موزیک، پلەوپایەی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها بەڵگەی ڕاستیودروستی موزیک و شیعر لە زەمانی دێرینی وڵاتی ئاریانڤاچەکاندا هەست و سۆزی دەروونی خاوێن، هەڵگری ئەو شیعر و ئاوازانە بووە.

«سەبارەت بە موزیک بە گشتی و بە تایبەتی بە ئامێرگەلی موزیک نووسیونی، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: مەولەوی لەناو سەرلەبەری شاعیرانی کوردیدا تاکە شاعیرێکە، لەلایەکەوە بەو ڕێز و شکۆیەوە باس لە موزیک دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە بەو ئەندازە زۆر بەرچاوەوە، ئاوڕ لە موزیک و ئامێرەکانی موزیک دەداتەوە، لەم ئاوڕدانەوەیەشیدا زۆر بە ئاگاداری و شارەزاییەوە، دێرینەی موزیک ئایین و گەلانی ناوچەکە بەیاد دەهێنێتەوە و بە هزرێکی هۆشیار و شارستانییانە، ڕێز لە موزیکی ئایین و ڕێبازە کۆنەکانی ئایین بە گشتی و لە موزیکی ئایینی «ئەهلی حەق» بە تایبەتی دەگرێ و بنەمای فەلسەفە و بیر و باوەڕی ئایینی (ئەهلی حەق) باس دەکات و ڕێز لە سرووت و ڕابەر و هەوارگە و شوێنە پیرۆزەکانیش دەگرێ و زیارەتیشیان دەکات...» (١).گۆڤاری چلاوازی ژمارە(٤٧) ل٥.

مەولەوی لە سروشتی هۆنراوەکانیدا زۆر بایەخی بەو مەبەستە داوە، بەشێوەی ئەندازەیی و جوانکاری بە ئامێرەکانی موزیک دەگات، هەروا بە سادە و ساکار ناچێتە لایەنێکەوە، کە لەو سەداسەدی ئەو بابەتەی تێدا نەبێت، هەروەها لەو سەردەمەی مەولەوی تێیدا ژیاوە، لە وڵاتی ئێمە هەر خەریکی بژێوی ژیان بوون، بەڵام (مەولەوی) زۆر شارەزایانە و حەکیمانە و بەسەرکەوتوویی لە هۆنراوەکانیدا بواری موزیکی بە نەخشەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام داوە.

«لە سەرومڕی شیعری (مەولەوی)دا، هەموو شتێک لەم گەردوونەدا هەن، لەچاو (مەولەوی)دا جوانن. دار، بەرد، کانی، چەم، زێ، تاڤگە، قەڵبەز، باڵندە، درەخت، گوڵ، باران، بەفر، با، سەهۆڵ، شەختە، هەموو ئەمانەش لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، ڕوخسار و دیمەنیان لە ڕوخسار و دیمەنی پێشتریاندا جیاواز و جوانتر دەبنەوە» (٢) هەمان سەرچاوە ل٥.

ئەوە گومان هەڵناگرێت مەولەوی هەموو جوانییەکانی گەردوونی باس کردووە، فرە بە زەریفی هەموو بابەتەکانی ڕەوانبێژی لە هۆنراوەی (مەولەوی)دا، زیاتر لە هۆزانڤانان، جوانییەکانی سروشتی باس کردووە، هەروەها کۆدی موزیکی لە هۆزانی ئەم شاعیرەدا وەک: دەریایەکی بێ بن، کەڵ ڕەیان بەسەر شاخ و بەرد و دەوەندا بە چروپڕی تێک ئاڵاندووە، هەر ئەمەش وای کردووە شیعری مەولەوی بۆ ئاواز و گۆرانی فرە بەباشی ساز و ئامادەکراون.

لە بەشی (ئەلف)دا چەندان جار لە دیوانەکەیدا کۆدی موزیکی بەکارهێناوە وەک: لەم بەیتەدا دەبینرێت:

**«شیعری وێم تەنخوای سەمتوور سازێ**
**لێدەر، سا نەیچی! هەرتارێشی گازێ»** (٣)
بەهونەرمەند دەڵێ: تەنخوا، لێدەر، سەمتوور، ساز، نەی، تار، چوار ئامێری مۆزیکی کۆکردووەتەوە، هەر یەکە لەو تەلانە دەنگێ، یان گازێ، یان ئاوازێکی بەجۆش لەو دێڕە شیعرانەدا هاتوونەتە بەرهەم. دیوانی مەولەوی، ل١٣.
**«سا دەروێش کەفێ بدەنە ڕووی دەف**
**گیان مۆنتەزیرەن پەرێ ڕێزەی دەف»** (٤) هەمان سەرچاوە ل٣٢
سا دەروێش بەو ئەڵقانەی دەف، کە گیانی دەروێش چاوەڕێی لەرینەوەی ئەو ئەڵقانەیە، کە جۆشوخرۆشی (دەف) بە لەرینەوەیان هانا و هاواری دەروێش فرە بە زەربفی، پەرێ دەست دەکات.
**«تا موتریب وە ساز حەنجەرەی بێ گەرد**
**هوردۆ مەقامێ دەواکەرۆ دەرد،**
**بەڵ ناکا نەیچێ بەیۆ جەلاوە**
**وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە»** (٥) هەمان سەر چاوە ل٣٨
گۆرانیبێژ بەو قورگە پاکەت، بەسازی سازت بسازێنە مەقامی قەقنەس
**«موغەننی! کۆککەر سازانت وەهەم**
**سەمتووری، تارێ، وەهەم کەرەجەم**
**نەیچی! سالێدەر قەزات وە حاڵم**
**دەمێ دەر جەنەی، دەروون زووخاڵم»** (٦) هەمان سەرچاوە ل٤٩
هەرجارەی بەجۆرێک ناوی گۆرانیبێژ دەبات، ئەم جارەیان (موغەننی)، جارەکەی تر (موتریب)، هەڵبەتە هەر کاتێک ئەم شاعیرە دەروونی پێویستی بە حەوانەوە بووبێ، هانای بۆ شمشاڵ و تار و ساز و دەف و سەمتوور بردووە، چونکە مۆزیک ڕوح و گیان هێمن و هێور دەکاتەوە، مۆزیک مرۆڤ لە ناخۆشی دووردەخاتەوە، لەخۆڕاگری و بەرقەراری نزیکی دەکاتەوە.
**قەزای پەنجەکەت دەک لە من کەفێ**
**خەیلێ عاجزم، سا لێدەر دەفێ»** (٧) هەمان سەرچاوە ل٥٠
هەروەک ئاماژەم پێ دا مۆزیک غەمباری و بێ تاقەتی ناهێڵێ، بۆ دەف و نەی، سەمتوور و ساز و شمشاڵ هەر یەکەیان بۆ ساردکردنەوەی دەروون زۆر پێویستن
**«نەیچی! دەرەنگەن سا مەکەر دەرەنگ**
**فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وە دەنگ**
**هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕازێ**
**گیرۆ نە دەروون هەر سازێ گازێ»** (٨) هەمان سەرچاوە، ل٥١
ئەم جارەیان مەولەوی خۆی فیدای مۆزیکژەن دەکات، پەلە پەلیەتی تا بە خێرایی شمشاڵ بێتەوە دەنگ، هەروەها هەر ڕەنگەی قسەیەک بۆ خۆی بکا و هەر سازێکیش گازێ لەدڵ بگرێ.
**«نەیچی! من پەنجەی پای ناڵەم سفەتەن**
**تۆ دەی چوون تەئسیر وەناڵەت جفتەن**
**چەند فەردی «مەعدووم» دەروون وە نەیدا**
**باوەڕ جەتەنخوای ناڵە وە نەیدا»** (٩) هەمان سەرچاوە ل٥٤
تۆ دەی شمشاڵێ لێ دە، واتە من پەنجەی پێی ناڵەم سووتاوە
لەبەر ئەوە ناڵەم ناڕەوایە، بەڵام ناڵەی تۆ لەگەڵ کارکردندا جووتە، دەسا شمشاڵ لێ بدە،
**«چوون دەف بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم**
**غولامی بەر دەست حەڵقە نەگۆشم»** (١٠) هەمان سەرچاوە ل٥٧
وەک دەف پێستی خۆشەویستیم بۆ لەبەر کردووە و ئەڵقەی بەندەگیم کردووەتە گوێم.
**«پەی دیگی دەروون جۆشی کوڵ و کەف**
**تەسکینی نمەک کزەی کەف و دەف»** (١١) هەمان سەرچاوە، ل٦٩
بۆ نیشاندانەوەی جۆشی کەفوکوڵی مەنجەڵی دەروونم خوێیەک پێویستە، کە بریتییە لەو کزەیەی کە لە لێدانی (دەف)ـەوە، بە لەپی دەست پەیدا دەبێ.
**«نەیچی! وەبێ بەزم یارانی جانی**
**کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی»** (١٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٧
ئەم جارەیان گفتوگۆ لەگەڵ کاکی لوولەژەن، یان شمشاڵژەن ساز دەکات و بەبێ ڕابواردن لەگەڵ یاراندا، ژیان چ خۆشییەکی تێدایە؟ دیارە ژیان و خۆشەویستی، بەبێ ئازادی مەیسەر نابێ، ئەگەر هەرناخۆشی بێ، ئەگەر یارانت لەگەڵدا بێ، ئەوە سرەوتی ژیان ئاسوودە دەبێ.

لەبەشی «ئەلف»دا بەم شێوەیە، کۆدی ئەم ئامێرانەی موزیکی بەکارهێناوە، ئامێری دەف (٥) جار، ئامێری نەی (٣) جار، ئامێری ساز (٤) جار، ئامێری سەمتوور(٢) جار، ئامێری تار(١) جار، نەیچی واتە شمشاڵژەنی (٤) جار دووبارە کردووەتەوە، هەروەها موتریب و موغەننی و تەنخوا بۆ هەر یەکەیان یەک جاری بەکاری هێناوە، هەڵبەتە ئەو سێ وشەیەی، لەبری گۆرانیبێژ بە کار هێناوە.

بەشی پیتی (بێ) هەوڵ دەدەم ئەو کۆدە موزیکیانە، کە مەولەوی بەکاری هێناون یەک لە دوای یەک بیاننووسمەوە، بەم شێوەیە:

**«یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشێ**

**بەو سەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە**

**یا جۆشی سەمتوور موتریب، خرۆشێ**

**چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە»** (١٣) هەمان سەرچاوە ل١٠١

ناڵە و دەنگە دەنگی ئاواز و ئەو دەنگ و ئاوازەش، شای دەروێشان بێرە جۆش، بەو سەدا خۆشەتەوە کە شانایە لەگەڵ ڕەگوریشەی دڵاو ئەی جۆشی ساز و سەمتووری موتریب هاوارێ بکەم لەم دوو شیعرەدا کە بەیانی داخ و حەسرەتی دڵم دەکەن.

**«بەزمی هام فەردان باری مۆبەت کێش**

**یەک ئیمشەو دەفێ دەروێش، های دەروێش**

**باوەر نەکۆرەی وە لوولەی دەفدا**

**رووی بەند و تەوبێغ وە هەر تەرەفدا»** (١٤) هەمان سەرچاوە، ل١٠٢

**«نوختەی ئینتیهای دائیرە تەمام**

**نەی دەستی نەیچی تووتیی دیای جام»** (١٥) هەمان سەر چاوە، ل١٠٥

نەی شمشاڵ تەماشا جام ئاوێنە، واتە ئەی کەسێ کە نوختەی دوایی هاتنی دائیرەی ئەولیاکانی خوای، ئەی کەسێ کە وەک شمشاڵ دەستی شمشاڵژەن وای، (واتە هەرچیت لەدەم دەرچێ بە ئیلهامی خوایە)، ئەی کەسێ کە تەماشای ئاوێنەی دڵی خۆت دەکەی و هاتیفی غەیبی لەغەیبەوە قسەت لەگەڵ دەکا.

لەپیتی (پێ)دا بەم شێوەیە مەولەوی دەڵێت:

**«ساقی، مەی هەی داد، موغەننی، چەنگێ**

**نەیچی، های فەریاد، موتریب، ئاهەنگی،**

**گەرمیی مەی، نەواو کزەی دەف و نەی**

**تێکەڵ بۆ چەنی زایەڵەی وەی وەی»** (١٦) هەمان سەرچاوە، ل١٢٦

نەوا! ئاواز، کزە: سووتانەوە، واتە ساقی تۆ مەی بێنە، گۆرانیبێژ تۆیش لە چەنگەکەت بدە، شمشاڵژەن تۆیش با هاوار لە شمشاڵەکەتەوە هەڵسێ، موتریب تۆش ئاهەنگێک سازکە، تا گەرمی مەی و کزەی دەف لەگەڵ هاوار و گریان و وەی وەی کردندا تێکەڵ بەیەک بێن، مەولەوی لێرەدا هونەری «لەف و نەشری موشەوەش»ی بەکار هێناوە " نەوا" هی نەیە و"کزە" هی دەفە.

**«موتریب، بۆ وە داد دڵگیریمەوە**

**پیری ها ئاما وە پیریمەوە»** (١٧) هەمان سەر چاوە، ل١٣٨

کاکی گۆرانیبێژ، بێ بە هاواری عاجزیمەوە، چونکە پیری واهات بەپیریمەوە، یان ئاوازەی خۆش دڵی وێرانەم ئاوا کەرەوە.

بەم شیعرانەی خوارەوەی مەلا بێسارانی، چۆنیەتی هاوار و ئاواز و ناڵەی مەولەوی بۆ ئەو شاعیرە نەمرەی بێساران کە مەبەستی لە بێسارانی نییە، بۆیە هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەڵێ: دڵم خۆش کە چونکە پیری دەردێکی نامرادییە.

لە تیپی (تێ)دا، دیسان مەولەوی نەوا و ئاوازی تری موزیکمان زیاتر بۆ دەسازێنێ.

**«دامنەکەی ئاییر دەروونم تۆنی**

**وەی دوو فەردەوە موغەننی کۆنی؟»** (١٨) هەمان سەرچاوە، ل١٦٠

لەم کاتەدا کە من داماوم و دڵم ساردبووەتەوە، تۆ بووی بە ئاوێنە بۆ خۆشکردنی گڕی ئاگری دەروونم، ئەی گۆرانیبێژ، دەسا لە کوێی بێ بە ئاوازە خۆشەکەت ئەم دوو شیعرەم بۆ بڵێیت و گڕ بەردەیتە دەروونم.

مەولەوی هۆزانڤان شای شاعیران لەم بەشەدا تەنیا ئەو بەیتە، کە باسم لێوە کرد، باسی ئاواز، یان گۆرانیبێژی کردووە، دیارە ئاواز، یان نەوا، یان موغەننی لەمانەش دەچنە خانەبەندی موزیکەوە.

با بزانین لە پیتی (جیم) چی دەڵێت؟

**«هام ڕاز ئاخ و داخ، ناڵەی نەوای نەی**

**دڵ کەباب چەم جام خەم ساقی هوون مەی»** (١٩) هەمان سەرچاوە، ل٢

ئاخ و داخ هاوەدەنگییەتی، هاوار و ناڵە ئاوازەی شمشاڵیەتی، دڵی کەبابی، چاوی پیاڵەی شەرابیەتی، خەم مەیگێڕیەتی، شەرابەکەشی خوێنی دڵیەتی.

**«پێم دەر تارپشەی هەستی کەرۆپەی**

**قوربان تۆیچ، نەیچی، دەستێ بەر پەی نەی»** (٢٠) هەمان سەرچاوە، ل٨٣

دەخیلتم ئەی مەیگێڕ کە گەردنت وەک زیوی پاک وایە، پیاڵەیەکم لە پاشماوەی ئاهەنگی، لەو شەرابە کە هی یارانە بدەرێ کە دەرمانی دەردەداران خەست و شێلراوە و ڕیشەی بوونم لە بندا ببڕێ.

بەشی (پیتی چیم)، لەم بەشەدا، بەم شێوەیە دەڵێت:

**«ساقی، سا دەخیل جامێ مەی وەکەف**

**دەروێش، ئامانەن کەفێ نەرووی دەف»** (١) هەمان سەرچاوە ل٢١٧

واتە: دەخیلتم ئەی ساقی، کە پیاڵەی مەی دەگێڕێ، پیاڵەیەکمان بدەرێ، تۆش ئەی دەروێش دەستێک بدە لە دەفەکەت و هەندێکمان بۆ لێ بدە، خۆ جارێکمان بۆ هەڵنەکەوت و هەمیشە هەر لە ڕەنج کێشاندا بووین بۆ چاوپێکەوتنی یار.

**«من ناڵە، تۆ دەف، ئەو سافی یا درود**

**هەنی فەردی دەرد مەینەت گەردەن ورد»** (٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١٧

دەناڵێنم و تۆ دەف لێ دە و ساقیش شەرابی بێ گەرد، یان خەڵتەی بنی پیاڵەی دۆستانمان بەسەردا بگێڕێ، شیعری دەرد و مەینەتیش ملی بشکێ و گۆڕی گوم بێ.

هونەر و ئاواز و گۆرانی و سەدا و ناڵەی تەمبوور و تار، گۆرانیبێژ و موغەننی و شمشاڵی نەیجەی نەیجەلان.

لە (پیتی خێ)دا مەولەوی زیاتر ناوی ئامێری موزیکی دەبات و خامەی ڕەنگینی زووتر دەهێنێتە وەلام.

**«بریان تای ڕوباب قافیەی خوانیم**

**نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم**

**دەمەی هەناسەی گەرمی تارەکەم**

**نەکوورەی دەروون پەرجەخارەکەم»** (٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧

ژێی موسیقای شیعردانانم پچڕاوە و تاقەتی تێگەیشتنی نووسراوم نەماوە، هەروەها مەولەوی ئاماژە بۆ سووتانی کەشکۆڵەکەی دەکا، بۆیە هەستی پڕ جۆش بەوە وەک تاریشی کە موزیکژەن لێی دەدا، ئیدی تاریشی گەرم دەبێ، ژێی دەپچڕێ.

لە (پیتی دال)دا، ئەم جارە هاوار بۆ شمشاڵژەن دەکات و بەم شێوەیە دەڵێت:

**«ئیسە موینی چێش پەنەم ئامانان**

**هانا هاوارەن های نەیچی ئامان»** (٢٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٠

ئێستا دەزانی چیم بەسەر هاتووە، هاوار هەی شمشاڵژەن بگەرە فریام.

**«پەنجەت بەو نەغمەی بێن وە تینەوە**

**باوەرە ئەی بەیت وە حەزینەوە.»** (٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٥١

واتە: کاکەی نەیچی پەنجە بخەرە سەر نەیەکەت و دەمی پێوە بنێ و بەو ئاوازە بەرز و بەهێزەت، بە غەمبارییەوە ئەم شیعرەم بۆ بڵێ..

**های نایی نایێ، موتریب مەقامێ**

**موغەنی تەرزێ، ساقیا جامێ»** (٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٥٨

ئەی نەی ژەن، شمشاڵەکەت بسازێنە، بەو ئاوازەوە، دە ئەی ساقی تۆش جامێ مەیم بەلوتفەوە بدەرێ.

**«موغەننی تەنخوای من وەنەوایێ**

**وەی چەند فەردەوە هوردەر سەدایێ»** (٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣

گۆرانیبێژ، سادەی ئاوازێ، بەناڵە و دەنگی، ئەم چەند فەردەوە دەنگت بەرزبکەرەوە ئاوازی خۆش خۆشمان بۆ بڵێ.

**«ویەردە ویەرد، هەوڵێ پەی باقی**

**ئەمجار یە دەروێش، یەنەیچی و ساقی**

**هۆش وە سەدای دەف، گۆش وە نەوای نەی**

**دەس وە شیشەوە لێو وە جامی مەی»** (٢٨) هەمان سەر چاوە، ل٢٦٥

ئەوەی بەسەر چوو بەسەر چوو، هەوڵێ بۆ پاشماوەی عومرت بدە، ئەو دەفژەن و شمشاڵ لێدەر و مەیگێڕ، نۆبەتە لەگەڵیان هۆش بدە.

بە دەنگی دەف و گوێ بدەرە ئاوازی شمشاڵ شیشە مەی بگرە بەدەستەوە و جامی مەی بنێ بە لێوتەوە، تا شادیت شەقازللەیەک لە بن ملی بوون بدا و دەرمانی

مەستی نۆشی گیانت ببێ و گێتیت لەبیر بچێتەوە.

**«موتریب مەقامێ دەردم ناچارەن**

**ساقیا جامێ دۆس ئینتیزارەن»** (٢٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٧١

کاکەی گۆرانیبێژ سەدای مەرگم هەڵدە، چونکە دەردم بێ دەرمانە،

کاکەی مەیگێڕ تۆیش پیاڵەیەک شەرابی مەرگم بدەرێ، چونکە چاوەڕوانمە با بمرم و بڕۆم بۆ لای.

**«سەمتووری سینەم وە زایەڵەی بەرز**

**مەژەنۆ نەوای دووریت وە سەد تەرز»** (٣٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٨

واتە: ساز و سەمتووری سنگم بەهاواری بەرز، بەسەد جۆر ئاوازی دووری لێ دەدا.

**«زرنگەی سەدای ساز جەڕیشەی ئەعزام**

**کەمانچە دەستوور ماوەرۆ مەقام»** (٣١) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩

زرنگەی دەنگدانەوەی ئەو سازەی کە دروست لە ڕیشەی ئەندامی لەشم، وەک: کەمانچە ئاوازی لێ دێ.

**«سادەی سەرپەنجەت پەی دەف بەرەوە**

**ڕووی یادی باڵاش مەخسەڵ دەرەوە»** (٣٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤

هەی دەروێش سەرپەنجەت بەرەوە بۆ دەفەکەت و دەفێکمان بۆ لێ دە تا خەم و خەفەت لە دڵما نەمێنێ و ڕووی یادی باڵای یارم بۆ ڕووناک بکەرەوە، دەف و ئاوازی گۆرانی ئامێزانی دەبن، هەر یەکەیان ئاوازێک بەنەوای بێ گەرد سەرچاوەی ئازادی بۆ مرۆڤان ڕووناک دەکاتەوە.

لە پیتی (ڕێ)دا، بەم شێوەیە مەولەوی دێتەگۆ و دەڵێت!

**«های موغەننی تار حەنجەرەی وەش تەرز**

**وە سەرپەنجەی ناز باوەرە ئەو لەرز»** (٣٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٠٤

واتە: کاکی گۆرانیبێژ تارەکەت بە نازەوە بەدەستی تارت، تارەکەت هەڵگرە و بەژەنینی ئەو تارە ئاوازێکی خۆشمان بۆ ساز بکە.

موزیک و گۆرانی دوو وشەی یەک تەواوکەری یەکترین، مەولەوی (١٨٠٦ - ١٨٨٢) زایینیدا، دیاردەیەکی ئاشکرایە، کە ئەم شاعیرە لەو ساتەوەختەی خۆیدا چۆن پەی بە موزیک بردووە؟

بۆ ئاوێتەبوونی هەوێنی ئاوازەکانی هەورامان هۆنراوەی مەولەوی سەرباشقەیانە، شیرینی هەورامان و بوونی زێدزادەی ئاریانڤاچەکان ئەو بەڵگانەمان بەزیندوویی بۆ موزیکی وڵات دەهێڵێتەوە.

«کە باسی مەولەوی و شاعیرانی هاودیالێکت و هاوسەردەم و هاوچەرخی خۆی وەک: نموونەی (ئەحمەد بەگی کۆماسی) و (مەلا مستەفای بێسارانی) دەکەین، ئەگەرچی ئەوانیش وەک مەولەوی لە هەمان کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ژیاون و دۆستایەتی بەتین و نامەی شیعریش لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ئاماژەکانی ئەوان بۆ موزیک و گۆرانی، نەک هەر بە ئەندازەی ئاماژەکانی (مەولەوی) نییە، بەڵکو بە ئاستەمێک هەست بەبوونی هەندێ وردە ئاماژە بۆ موزیک و گۆرانی دەکەین، ئەمە لە کاتێکدا کە دیالێکتی گۆران، خۆی لە خۆیدا جۆرە ئاواز و ترپە (ئیقاع)ێکی موزیکی زۆر شیرین و شاراوە، لە هەوێن و دووتوێی واژەکانی خۆیدا حەشارداوە، شێوازێکە هەر دەڵێی لە بنەڕەت و بناواندا بۆ ئەوە دروست بووە، تا شیعری پێ بنووسرێ، بۆیە ئاوێتەبوونی ئەم هەوێنی ئاوازانەی ناو هەناوی واژەکانی ئەم دیالێکتە، لەگەڵ هەموو ئەو ئاماژە جوانانەی (مەولەوی)دا بۆ موزیک و گۆرانی، ئەوەندەی تر جوانی و شیرینی بە شیعری مەولەوی بەخشیوە و بە هەردووکیان شیعری (مەولەوی)یان پڕ کردووە لە ترپە و تاڤگە و شەپۆلی لەبن نەهاتووی ئاوازی موزیکی شیعر» (٣٤) بڕوانە گۆڤاری چلاواز، لاپەڕە (١٦).

ئەم وتانەی نووسەر فرە بە زەریفی بابەتەکەی ئاواز و گۆرانی لەگەڵ موزیک ئاوێزان کردووە، هەروەها جوگرافیای هەورامان و بوونی سەرچاوەی ڕۆشنی، بوونی شیعری بڕگەیی و لانەدان لە ڕێوڕچەی خۆی، ئەوە ئەو هەوێنی شیعر و موزیک و گۆرانیانە لەبەردەم ئەشکەوتە دێرینەکانی هەورامان، ئەوندەی تر پلە و پایەی موزیکی وڵاتمان سەقامگیر دەکات.

«مەولەوی لە بواری ناوهێنانی موزیکدا ناوی ئامێرەکانی: دەف، سەمتوور، چەنگ، نەی، ڕوباب، تەمووره، کەمانچە، تار، چل چەنگ... ئایینی. کە وەک: دەزانین هەندێ لەم ئامێرانە لەسەردەمی برەوی ئایینی (زەردەشت) لە کوردستاندا بەکاربراون» (٣٥)

هەمان سەرچاوە ل١٦

ئاشنا بوونی هونەر و ئاوازی گۆرانی بۆ شیعرەکانی پاشای شاعیران، وەک ئەوە وایە، کە مەولەوی خودی خۆی ئەو ئاوازانەی ئەدا کردبێ، چونکە هەموو شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆ گۆرانی فرە بەباشی دەلوێت، هەروەها هەورامان بەخاک و بۆی ئەو شیعر و ئاوازانە، بەتایبەتی سیاچەمانەی ئاهورایی ترپە و زیل و بەمی ئەو ئاواز و نەوایانەیە، کە هەزاران ساڵە بنەوبارگەی لەو کەوناراوایە خستووە.

مەولەوی ئاوڕی لە فەلسەفەی ئەم ئایینی زەردەشتە داوەتەوە، هەروەها ئایینەکانی دیکەشی فەرامۆش نەکردووە، بەپێچەوانەی هەندێ شاعیر کە هێرش دەکەنە سەر ئایینەکانی دیکە. مەولەوی چوون یەک تەماشای هەموو ئایینەکانی کردووە، هەروەها زۆر باسی ئەدەبیاتی کاکەیی کردووە.

**«وە بارگەی پاکت پەنا ئاوردەم**

**ئامام، سەرنیام وەبارەگاوە**

**غەریو، موو سفید وە ڕووی سیاوە**

**تەن: مەعصییەت باردەروون! پەرجەدەرد**

**دیدە: تەڕ، لەب: خوشک، دڵ! گەرم، نەفس: سەرد**

**های چەند پلەی سەخت، هانە ڕێمەدا**

**جەڕووی ئیلتیفات، بدیە پێمەدا**

**بەڵکم جەڕووی ئەو ئیلتیفاتەوە**

**مەولام حازربۆ وەنەجاتەوە**

**دەس شای مەردان، مەدەد کارم بۆ**

**پلە: ئەو پلە، ئەو: دەست وارم بۆ**

**بەعصییەت نییەن، چون هیچ صەدمەتێ**

**خەیلێ مەلوولم، یاپیر: هیمەتێ**

**هیمەتت باعیث رستگاری بۆ**

**یاربۆ، دیاربۆ، یادگاری بۆ»** (٣٦) هەمان سەرچاوە، ل٢١

وەک پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، بارەگای(باوە یادگار) لەسەر چیای (دالاهۆ)یە و ئەم زنجیرە چیایەش زۆر لەزێد و جوگرافیای مەولەوی، واتە: لەناوچەی (تاوگۆزی)یەوە دوورە و بۆ تەمەنێکی پیر و بەساڵاچووی وەک (مەولەوی) یش، کە خۆی لەم شیعرەدا باسی (ڕیش سپێتی) خۆی کردووە، دەبێ دوای ماندووبوونێکی فرەدژوار توانیبێتی زیارەتی گڵکۆی (باوە یادگار) بکات.

لەنیوەی دووەمی دیوانی مەولەوی، بۆ گاتا باسی هۆنراوەکانی پەنا بۆ (پیتی زێ) دەبەین و مەولەوی بەم شێوەیە دەڵێت؟

**«موتریب، بەکارەن، مەرسیاسەنگێ**

**من بەی حاڵەوە، تۆ وەی بێ دەنگێ**

**جەتەنخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە**

**هوردەر ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە»** دیوانی مەولەوی، لاپەڕە (٣١٤)

واتە: ئەی کاکی ئاهەنگگێڕ لە جیاتی شمشاڵی ئەم ئاهەنگی بووک سوارکردنە، دەست بکە بەلاواندنەوەی خەم و بەنقامی دیلان ئەم چەند شیعرەم بۆ بڵێ:

نقام، ئاوازێکی کۆنی کوردەوارییە، بەڵام نموونەی ئاوازەکان بۆ بووک سوار کردن، ئەم ئاوازانە لەلایەن هونەرمەندانی گۆرانیبێژ ساز و نەوا دەوترێت، وەک: بەتۆری کــــــــــــر بەتۆرای، باژە، باژە، وەی وەی باڵابەرز...تاد.

لە (پیتی سین)دا، ئەم جارە ئاماژە بۆ تەلەکانی (سەمتوور) دەکا و بەم شێوەیە دەڵێت:

**شەمعی شامی شووم ماتەم هورگرپا**

**تای تەلی سەمتوور شادی و زەوق بڕپا»** (٣٨) هەمان سەرچاوە، ل٣٢٤

دیارە هەورامان هەندێ داب و دەستووری خۆی هەر بەزیندووی هێشتووەتەوە، کاتێک کە مردوو دەمرد، لەجێگای شۆردنەکە مۆمێک، یان چرایەکیان دادەگیرساند، وایان دەوت کە ڕوحیانەتی لەو شوێنەدا سەر دەداتەوە، بەڵام ئێستا وەک جاران خەریکە ئەم باوە لەبیر بچێتەوە، بۆیە مەولەویش لەو ساتەوەختەی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە کە نابێ ئەو دابونەریتەمان لەبیر بچێتەوە، دەڵێ (بەهاتنی نامەکەت چرای ئێوارەی نەگبەتی و خەفەتم داگیرسا و تاڵی ساز و سەمتووری خۆشم پچڕا).

**«سادەی، هەی پەی کەی هەریەک جەلایێ**

**باوەرین ئەوساز شیوەن سەوایێ»** (٣٩) هەمان سەرچاوە، ل٣٢٥

دیارە مەولەوی لەم شیعرەدا، دەلاڵێتەوە، بەخەڵکی نزیکی خۆی دەڵێ: (تا ئێستا هیچ کۆسم نەکەوتووە، ئەمە یەکەم جارە کۆسم بکەوێ، ئیتر ئێوە خۆتانتان بۆ

کەی هەڵگرتووە؟ با هەر لایەکمان دەنگێک دەربێنین (لەساز)ی شیوەن و زاری).هەڵبەتە ئەم شیعرەی مەولەوی بۆ ئاوازی چەمەری فرە بەزەریفی دەلوێت.

**«هۆردەر چەنی سۆز دەروونی پەرێش**
**فەریاد ئەوساقی ئەو نەیچی و دەروێش**
**سەدای دەف و نەی بەیۆ نەگۆشت**
**نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت**
**بویەر جەسای تەرز دەف و نەیەوە**
**وەزاتی مەستی نەشئەی مەیەوە»** (٤٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٣٩

مادام فەلەک ئەمە کردەوەیەتی لەگەڵمان، بەسۆزی دەروونی دەردەدارتەوە، بانگی مەیگێڕ و شمشاڵژەن و دەروێشی دەفژەن بکە، دەف و شمشاڵ و دەفی دەروێش و شمشاڵژەن بێتە گوێت و مەیەکەش هۆشت بهێنێتەوە بەر، بەو ئازایەتییەوە کە پەیدا دەبێ لە سەرخۆش بوون و بە نەشئەی مەی لەسایەی لێدانی دەف و شمشاڵدا تێپەڕە.

**«جەژن و جەژنانەم هەریەک جەردەیێ**
**بەردەوە پەی هەرد، موتریب پەردەیێ**
**لەرزەی ڕیشەی دڵ، سەمتووری دەستوور**
**وەزنی تەبعی تار پەرسۆزەی سەمتوور**
**واچە بەو مەقام ئەڵواناتەوە:**
**هەی داد هەی بێ داد «مەعدووم» واتەوە**
**خەستەی خاری خەم خەباڵی وێم**
**وەکزەی دەروون تەن زوخاڵی وێم**
**بێ ئەبرۆی هیلال نەو نیهاڵی وێم**
**نییەت نادروست، عید بەتاڵی وێم»** (٤١) هەمان سەرچاوە، ل٣٤٣

واتە: لە جیاتی شەوی جەژن چارەی ڕەش و لە جیاتی مانگی یەک شەوە باڵای چەمیوە و لە جیاتی ئاسۆی سووری ئێوارەی جەژن خوێنی دڵ و لە جیاتی مەنزڵگەی شەوی جەژن زەحمەت شک دەبەم.

لە جیاتی «ألله اکبر»ی بەیانی، جەژنی هاوارمە لە تاو ئێشی زامی دووری و لە جیاتی ئەوەی دەست بخەمە دەستی خەڵک بۆ جەژنە پیرۆزە دەستم باوەشی کردووە بە زامی گرفتاریدا، جەردە، جەژن و جەژنانەمی ڕفاندووە بۆ کێو، سا توخوا کاکەی گۆرانیبێژ مەقامێکم بۆ بڵێ ببێ بەمایەی لەرزینەوەی ڕیشەی دڵەکەم کە هەمیشە وەک سەمتوور دەنگی لێوە دێ و ئاوازەکەی لەسەر شێوەی تاربێ، پڕ بێ لە جۆش و سۆز کە لە سەمتووردا هەستی پێ دەکرێ. بەو نقابە، یان بەو مەقامە ڕەنگاوڕەنگەتەوە پێی بڵێ:

هەی داد هەی بێ داد مەعدوومی دیسانەوە وتییەوە: ئای برینداری دەرکی خەفەت خۆم. ئای هەمیشە بیر لە خۆم کردەوە خۆم. ئای هەمیشە بیر لە خۆم کردووە خۆم. ئای هۆی کزەی دەروونتەوە لەش بوو بە خەڵوز خۆم. ئای لەبەر نەبوونی مانگی یەک شەوەی برۆی یاری نەونەمام، ڕۆژوو دانەمەزراو جەژن بەتاڵ خۆم.

لە (پیتی شین)دا، مەولەوی وەها دەڵێت:

**بێ ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی**
**های دەروێش، نەیچی، دەف، مەی، نەی**
**بەڵ باڵی بەیداخ تاقەت ئەو پابۆ**
**بۆی تەئسیری بەزم بەدرەقەی ڕابۆ**
**دەف ئاسا بەوسۆز ناڵەو سەداوە**
**ڕوو ئەو یاران بوو، پشت ئەو دماوە**
**دەست گێڕوو تەسەر سەدای نەی پەی پەی**
**تاوە ئینتهای ئەوسەر سەدای نەی»** (٤٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧

واتە: تاکەی بێ فەرمانی ئازیزەکەم نەچم بۆ لای، دەروێش دەستم دامێنت زووکە لە دەفەکەت بدە، کاکەی بلوێرژەن تۆیش لوولە و بلوێر و شمشاڵەکەت بنێ بەدەمتەوە، با ساقیش دەست بکا بە مەیگێڕان، بەڵکو باڵی بەیداخی تاقەتم ڕاست بێتەوە و بۆنی کارتێکردنی ئەم ئاهەنگە لەگەڵما بکەوێتە سەما، بەڵکو بەهۆی سۆزی ناڵە و دەنگی دەفەوە هێزم بە بەردابێتەوە وەک (دەف) ڕووبکەمە یاران و پشت بکەمە دواوە، لەسەر ئاوازی نەیەکە چین چین هەڵپەڕم تا لێ دەبێتەوە.

لە (پیتی فێ)دا دەبێ زیاتر باسی (دەف)ی تێدا بێ، یان هەر ناوی ئامێری موزیکی لەم بەشەدا، یەک جار ناوی (تار) بەمانای تاریکی هاتووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ ئامێری تاریش بەکاردێت، یان تاربووە، واتە هەڵهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوە وەفا و بێ وەفایی یار لە چاو تاریکیدا، دڵەی خەفەتبار ماوەیەک نانوێنێ.

لە (پیتی قاف)دا، بەختی کۆدی موزیکی کورتی هێناو ناوی هیچ ئامێرێکی موزیکی لەبەیتە شیعرەکاندا نەنووسرابوو، یان نەهاتبوو، هەربە هەمان شێوە لە پیتی

(کـاف)دا ناوی هیچ ئامـێـرێکی مـوزیکی لە دیوانی (مـەولەوی)دا بەدی ناکرێت. لە پیـتی (گـاف)یشدا بە هەمان شێوەی پیتی (قاف و کاف) و گافیش لە ئامێری موزیکی بێ بەش بوون.

هەروەها لە پیتی (لام)دا هەمـان بەختی پیـتـەکـانی تربوو، بۆیە ناوی کـۆدی مـوزیکی لەم پیـتـەشـدا هەر فەرامۆش بوو.

لە پیـتی (مـیم)دا دەربارەی کـۆدی مـوزیکی باس کرایەوە، سەرلەنوێ مەولەوی ئەسپی خۆی تاودایەوە، بە ئامـێـری (چل چەنگ) ئاواز و گـۆرانی ڕازایەوە، بەم شێوەیە دەڵێ:

**«خەندەگی چل چەنگ شۆت وە جگەردا**

**پەنجـەی بەدبەخـتـیت بدەی وە سـەردا»** (٤٤) هەمـان سەرچاوە، ل٤٣١

بەتیـــری چل چەنگ ســەری بچێ وەجگەردا، تا لە بەدبەختی خۆتدا بدەن وەسەردا، مەولەوی لەم شیعرانەی دواییـدا هانا بۆ ئاوازی چەمـەری دەبات. مـەولەوی ئەم قـەسـیـدەیەی بۆ «مـەحـمـوود پاشـان جـاف» نووسـیـوە بە بۆنەی شادی و زەماوەندی ژن هێنانەوە، ئەم زەماوەندە بۆ یەکـەم جـار ژن هێنانی مـەحـمـــوود پاشـا بـووە کـە «ئەمنەخانی کچی قادربەگی ڕۆستەم بەگی وەڵەد(بەگی) هێناوە، لەو شادییەدا ئافرەتێکی گۆرانیبێژی خەڵکی «کەرەند» کە ناوی «تاوس» بووە گۆرانی وتووە، هەڵبەتە قەسیدەکە زۆرە، بۆیە ئەم بەیتەی باسی گۆرانی دەکات و ئایینە مەیدان:

**«موبارەکت بوو بەزمی نەو وەخەیر**

**توخـوا تەنخـوای من خـاس خـاس بکەرسـەیر»** (٤٥) هەمان سەرچاوە، ل٤٣٦

لە ڕاڤەی دێڕەکەوە بۆمان دەرکەوت، کە (تاوس) زۆر دەنگی خۆش بووە، بۆیە مـەولەوی ئەو شـیـعـرە جوانەی فەرمووە، هەروەها هەر لە هەمان قەسیدەدا دەڵێت:

**«گرمەی نقارە و لرفەی شەروالان**

**خشپەی پاموورە و زرنگەی خرخالان**

**چریکەی سرناو پریکەی خەندە**

**پەشـێـوی زولـفـان ڕیشـەی دڵ کـەندە»** (٤٦) هەمـان سەرچاوە، ل٤٣٧

نقارە ئامێرێکی میللی و نەتەوەییە، لەگەڵ ئامێری زوڕنا چریکەیان لەگەڵ «تاوس»ی گـۆرانیـبێژدا، دەگـاتە ئاسمان.

**«لوولەی تەراویح وەش وەش مدۆدەنگ**

**بێ ئاهەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ**

**مەرحەبای لیباس تاعەت پۆشانەن**

**ئەلوەدای کاس کاس باوە نۆشانەن**

**ساقی، سا سەد جار وە نازت نازوو**

**هۆردە، وەگوڵبانگ سەدای «وامرتازوا»** (٤٧) هەمان سەرچاوە، ل٤٣٩

ئەم دوو ئامـــێـــرە، تار و تەمـــبـــوور، لەگـــەڵ ئاوازی گوڵبانگ، ئاوازێکی گۆرانی گەرم و بەجۆشە، شمشاڵی تەراویح خۆش خۆش دەنگی لێوە دێ، تار و تەمبوورەش ئاهەنگ و خۆشی و ڕابواردن خۆشی لێ بڕاوە،

واتە: کـاتی مـەرحـەبا و بەخـێـرهاتنی ئەوانەیە کـە جلوبەرگی تاعـەتیـان پۆشیوە، ماڵاوایی کردنە لە پیاڵەی مەی بۆ مەیخۆرەکان، دیارە هۆنراوە بە کورتی و بەپوختی باسی سـەرەتای مـانگی ڕەمەزانی پیرۆز و کـۆتاییـەکـەی دەکات.

لە پیـتی (نوون)دا، مـەولەوی (ن)ی زۆر لە شـیـعـردا بەکـار هێناوە، پیـتی نوونی بەکـراوەیی بۆ ئامـێـرەکـانی موزیک تراز کردووە. ئەم جارە بەڕیتمی موزیکی دەست پێ دەکات، چونکە چەپڵەلێدان بە پەنجـە، واتە: کێشی شیـعـری خۆمـاڵی کە بۆ ئاواز و گـۆرانی زۆر بە ئاسانی لەگەڵ نۆتەی موزیکدا دەگونجێ، بەم شێوەیە هاتووە:

**«شەقەوە تەقەی گەرم، چەپڵەو چیلەی نەرم**

**چریکەی وە ناز، تریکەی وە شـــەرم»** (٤٨) هەمـــان سەرچاوە، ل٤٥٩

بە ئاوازی خۆش، بەپێکەنینی ناز بە چەپڵە و بەساز، بە ئاوازی بەرزی مـــەقـــام وتن، ئاوازی نەونەمـــامـــان دەهێنێتە جۆش و سازدان.

**«نەوای کەژاوی لەیلێ نازانەن**

**سـەرەتای تلـمـیت شـیـرین ڕازانەن»** (٤٩) هەمـان سەرچاوە، ل٤٦٣

دەنگی ئەو کـەژاوانە دێ کـە ئەوەندە جـوانـن، نازداران پێیـان دەنازن و سـەرەتای تلـمیتی یارە قسـە خۆشـەکـان دیاری دەکات.

**«فەلەک داد جە دەرد بێ دەواکەی تۆ**

**موغەننی فەریاد ئەونەواکەی تۆ**

**بوڵەند کەر مەقام «دڵسۆز» وە ڕاستی**

**تەنزیلەش فەرد گەل خالۆی کۆماسی»** (٥٠) هەمان سەرچاوە، ل٤٧٥

واتە: گۆرانیبێژ ئاوازێ بلێ، بە دەنگی بەرز و سازەکەت، چونکە نقامی دڵسۆزمان شیعری (کۆماسی)یە، دەی ئاوازەکەت خۆشتر بکە.

**«بازیت پێ وەردەن هەریەک وەلایێ**
**سەدای دایەنان وەلایە لاییێ**
**موتریب، سازەکەت ئۆف چ وەش تەرزێ**
**ئەم جارەش وەک دەنگ مەجلیس هەربەرز بێ»**

(٥١)هەمان سەرچاوە، ل٤٧٧

دەنگی ئاوازی لای لایەی دایک بۆ کۆرپەکەی، بۆ ئەو ئاوازە، منداڵ هۆش و ئارام دەگرێ.کاکەی ئاهەنگگێڕ ئاوازی سازەکەت چەند خۆش بوو، دەسا ئەم جارەش دەنگی یاران بەرز ببێتەوە.

**«نەوای نالەی دڵ وێنەی سەدای نەی**
**پیالەی زووخاو مە نۆشوو چوون مەی»** (٥٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٩٤

نالەی دەنگی من نەوای، یان سەدای ئاوازی شمشاڵ، لە جیاتی شەرابیش زووخاو دەنۆشم، ئەم هۆنراوەیەش بۆ ئاوازی چەمەری دەلوێت.

لە پیتی (واو)دا، هاتووە:

**موتریب بە نەغمەی «شانازی»تەوە**
**یا بەو پەردەی پاک «حیجازی»تەوە»** (٥٣) هەمان سەرچاوە، ل٥١٠

واتە: کاکەی ئاهەنگگێڕ لەسەر ئاوازی نقامی «شانازی» ، یان «حیجازی» دەنگ هەڵبڕە و نقامێکی غەمبارمان بۆ بلێ، بە جۆرێک گڕ بەربداتە ئینسان، بەڵکو لەم خەوی قورسی بێ ئاگاییە بێدار ببمەوە.لەم پیتەشدا کۆدی موزیک، تەنیا لەیەک دێڕە شیعردا هاتووە، کە ناوی دوو ئاوازی بەرزە چڕی تێدا گەلاڵە کرابوو.

لەپیتی (هێ)دا، لەم پیتەدا وەسفی باڵای یار بەئامێری شمشاڵ دەچووێنێ و بەم شێوەیە هاتووە:

**«ڕەعنا غەزاڵێ باڵا شمشاڵێ**
**ساحیب کەماڵێ، گەردن دڵ ماڵێ»** (٥٤) هەمان سەرچاوە، ل٥٣٤

واتە: وەک ئاسکی بێ موبالات وایە و باڵای بەرز وەک شمشاڵ و بەوێڵ و کەماڵە و گەردی دڵ گسک دەدا.

**«قومری سەلایێ، بولبول نەوایێ**
**لالە لیوایێ، ئاهوو نیگایێ»** (٥٥) هەمان سەرچاوە، ل٥٥٩

دەنگی خۆشە لەکاتی سەلایێ، وەک بلبل دەنگی دەچریکێنێ وەک دیاردەیەک، وەک گوڵاڵە سوورە، ئاهوو نیگاهێ، وەک ئاسک لەسەر کێو لایەک، ئاورێک بدەرەوە.

**«داخۆم جە تەنخوای دووی سفتەکەی وێت**
**چێش بۆ وە سەیوان شەو تا ڕۆپەرێت»** (٥٦) هەمان سەرچاوە، ل٥٧٣

واتە: بیر لەوە دەکەمەوە، ئاخۆ کە مردم لە جیاتی دووکەڵی لەشم کە بۆ تۆ سووتاوە، چی بە شەو و ڕۆژ سێبەرت بۆ بکا؟ دەبا بزانم، یان بزانین لە تیپی، یان پیتی (ئەلف - تایێ)، لە پیتی (یێ)دا چی لەبارەی موزیکەوە دەڵێت:

**«موتریب یەکەمان باڵای خەم وەردەم**
**بەتاری ئەسرین خەم کۆک ئاوەردەم**
**سادەی تەنخوای من وەی دەم دەردەوە**
**لێدەر نەوایێ وەی چەند فەردەوە»** (٥٧) هەمان سەرچاوە، ل٩٥٠

واتە: کاکەی ئاهەنگگێڕ وەزعم زۆر ناخۆشە، بگرە ئەوە باڵای چەمیوم بیکە بەکەمان، ئەوەش فرمێسکی جۆراوجۆر بەستووم، کە خەم کۆکی کردووە، بیکە بەتار و لەجیاتی من لەم حاڵی بەدگرفتار بوویبەمدا ئاوازەیەکم بۆ لێ دە بەدەم، لەم چەند شیعرەوە. بۆ ئاسان دۆزینەوەی کۆدی موزیکی لە شیعرەکاندا، لە (ئەلف-ەوە تا یێ) ئەو شیعرانەی کە کۆدی موزیکی تێدایە، بەخشتەیەک دەخەمە بەر دیدی عاشق خوازانی شیعری مەولەوی پاشای شاعیرانی هەموو وڵات.

**کۆی کۆدی ئامێرەکانی موزیک لەدیوانی (مەولەوی)دا. بەم شێوەیە هاتووە:**

١-نەی و نەیچی (٢٢) بیست و دوو جار، لە دیوانەکەیدا هاتووە.

٢- ئامێری دەف (١٦) شازدە جار ناوی هاتووە.

٣- موتریب (١٠) دە جار هاتووە.

٤-نەوا (٨) هەشت جار، وەک ئاواز بە کاری هێناوە.

٥- سەدا، واتە دەنگ (٨) هەشت جار، دیارە سەدا بۆ دەنگ بەکاردێ و خۆشی دەنگیش دیاری دەکات.
٦- ئامێری تار (٨) هەشت جار، ناوی هاتووە.
٧- ئامێی سەمتوور (٧) حەوت جار، لەدیوانەکەیدا هاتووە.
٨- موغەننی (٧) حەوت جار، موغەننی بەواتای گۆرانیبێژ دێ.
٩- ناوی مەقام (٧) حەوت جار، دیارە مەقام زۆر جۆری هەیە.
١٠- ئامێری تەمبوور (١) یەک جار، ناوی ئەم ئامێرە هاتووە.
١١- ئامێری چەنگ (٢) دوو جار.
١٢- نەغمە هەربەواتایی ئاواز دێ (٢) دوو جار، ناوی هاتووە.
١٣- تەنخوا، واتە ئاهەنگگێڕ (٧) حەوت جار ناوی هاتووە.
١٤- ئامێری ڕەبابە لە دیوانەکەیدا (١) یەک جار ئەم وشەیە بەکارهاتووە .
١٥- ئامێری کەمانچە، یان ئامێری جۆزە (١) یەک جار بەکارهاتووە.
١٦- نەقارە، ئەم ئامێرە ئامێرێکە لەگەڵ زوڕنادا بەکاردێت، هەرچەندە لە دیوانەکەیدا بەناوی (سڕنا) هاتووە، ئەم وشەیەش تەنیا (١) یەک جار لە دیوانەکەدا بەکارهێناوە.
١٧- هەروەها ئامێری (زوڕنا) یەک جار بەکاری هێناوە.
١٨- ئامێری ساز، کە بۆ هەموو ئاواز و گۆرانی لەگەڵ تەمبووردا، فرە بەزەربفی دەلوێن (٦) جار دووبارە بووەتەوە.
١٩-گوڵبانگ: ئەو ئاوازە بەسۆزەیە، کە لە کاتی تەراویحدا، لە مانگی ڕەمەزان دەوترێت، ئەم وشەیەش یەک جار ناوی هاتووە.
٢٠- چەپڵە، واتە ڕیتم، چونکە دە برگە، واتە دە پەنجە، کە کێشی هۆنراوەی ڕەسەنی وڵات بەم شێوەیە بەکار هاتووە، ئەم وشەیەش یەک جار ناوی هاتووە.
٢١-سەڵا: ئەم ئاوازەش لە ڕۆژانی هەینی بەدەنگێکی خۆش لەلایەن بانگدەرەوە دەوترێت و ناوی لە دیوانی (مەولەوی)دا یەک جار بەکارهاتووە.
٢٢- شانازی، ئەم وشەیە، بە واتای جۆرە مەقامێک دێت.
٢٣- حیجاز: ئەمیش ئاوازێکی، یان جۆرە مەقامێکە کە هونەرمەندان لە کاتی ئەدای ئاوازەکاندا زۆر بەکاری دەهێنن.
٢٤- بۆ کۆتایی هاتنی کۆدی موزیکی لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا، کۆتایی بەم دێرە شیعرانە دەهێنم، کە ئەویش دوو ئامێری موزیکی، یان بە واتای ئیقاع، یان ڕیتم ئایین.

**«ئیمشە و دیارەن بانگم بێ شەرمەن**
**زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن**
**سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن**
**خەفەت شادیشەن خەم دەماخ بەرزەن**
**هۆشم بێ هۆشەن، قامم قامەت قاخ**
**بۆی دووریی ئازیز مەیۆم نەدەماخ**
**نەیچی! درەنگەن سامەکەر درەنگ**
**فیدای پەنجەت بام نەی باوەر وەدەنگ»** (٥٨) هەمان سەرچاوە، ل٥١

هەروەها کۆدی هەموو ئامێر و ئاواز و مەقامەکان سەد و بیست جار بەکاری هێناون، دیارە مەولەوی لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە مامۆستاو سەرقافڵەی هەموو زانایانە، هەروەها بەکارهێنانی ئەو هەموو ئامێرە موزیکیانە، ئەوەش هەر بە توانایی ئەو پاشای شاعیرانە دەکرێ، بۆیە لە سەرەتای باسەکەوە وتمان شاعیران و هاوتەمەنی لە شیعرداناندا بە شێوەی زمان شیرینی هەورامی زۆر بوون، بەڵام هیچ یەک لەو شاعیرانە وەک ئەم مرۆڤ پەروەر و بلیمەتە شیعریان لە بارەی کۆدی گۆرانی و ئامێرەکان نەوتووە، بۆیە مەولەوی سەر قافڵەی هەموو شاعیرانی کوردستانە. مەولەوی بە ژیری شیعر و بیری خۆی دەربڕیوە، نەک ڕاستەوخۆ پەنای بۆ دەق بردبێ، بەوردی و بەژیری بناغە و بنەڕەتی هەموو باری کۆمەڵایەتی و ئەو گۆڕانکارییانە ڕۆژ بەڕۆژ لەلای مەولەوی برەوی هەبووە.

ئەگەر تەماشای ئەم چەند تاکەی ئەم شاعیرە بکەین، ئەوە ئەو کاتە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت لەلاپەڕە (٤٧٩)دا بەم شێوەیە هاتووە:

**«هوریزە، سوبحەن، دڵ تازە خاوەن**
**شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن**
**سەوزەی خاکی پاک یارانی هام فەرد**

**فرەمان وە فەرش بەزمی ویمان کرد**
**ئەو سەوزەی ئیمە یچ نەکام هەردێ بۆ؟**
**وە فەرشی مەجلیس کام هام فەردێ بۆ»** (٥٩) هەمان سەرچاوە.

کاکەی مەیگێڕ، هەستە، دڵ تازە لە خەو هەستاوە، بەرەبەیانی زەوق و شادی، داوێنی شاخەکان شنەیان دێت و شوێنەکەمان گوێی ئاوە، با ماوەیەک بە خۆشی ڕابوێرین.

ئێمە زۆرجار سەوزایی سەرخاکی پاکی گۆڕی دۆستانمان کرد بە فەرش بۆ ئاهەنگ و ڕابواردنی خۆمان و لەسەری دانیشتین، ئاخۆ سەوزایی سەر گۆڕی ئێمەیش لەکام هەردا بێت و ببێ بە فەرشی ئاهەنگی کام دۆست و برادەر؟

هەروەک وتمان: هەموو تاکێکی شیعری پاشای شاعیران، لە هەموو بوارەکانی موزیکدا، بۆ ئاواز و گۆرانی ساز و فەراهەم دێت، چونکە شیعری مەولەوی ڕێ و ڕچەی کێشی ڕەسەنی خۆماڵییە کە سەرچاوەکەی لە فەرهەنگ و ئەدەبی هەورامان جێ دەگرێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- حەمەی حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژمارە (٤٧)، هەولێر، ساڵی (٢٠١٠) زایینی، ل٥.**
**٢-هەمان سەرچاوە، ل٥.**
**٣- مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی، چاپی یەکەم، سنە ساڵی (١٣٨٩) هەتاوی، ل٣١.**
**٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٢.**
**٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٨.**
**٦- هەمان سەرچاوە، ل٤٩.**
**٧- هەمان سەرچاوە، ل٥٠.**
**٨- هەمان سەرچاوە، ل٥١.**
**٩- هەمان سەرچاوە، ل٥٤.**
**١٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٧.**
**١١- هەمان سەرچاوە، ل٦٩.**
**١٢-هەمان سەرچاوە، ل٧٥.**
**١٣-هەمان سەرچاوە، ل١٠١.**
**١٤-هەمان سەرچاوە، ل١٠٢.**
**١٥- هەمان سەرچاوە، ل١٠٥.**
**١٦-هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.**
**١٧- هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.**
**١٨- هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.**
**١٩- هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.**
**٢٠- هەمان سەرچاوە، ل١٨٣.**
**٢١- هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.**
**٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.**
**٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧.**
**٢٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٠.**
**٢٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٥١.**
**٢٦-هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨.**
**٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣.**
**٢٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.**
**٢٩- هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.**
**٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٨.**
**٣١- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩.**
**٣٢-هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.**
**٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤.**
**٣٤-حەمەی حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژمارە (٣٤)، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٩) زایینی، ل١٦.**
**٣٥ - هەمان سەرچاوە، ل١٦.**
**٣٦- هەمان سەرچاوە، ل٢١.**
**٣٧- مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی، چاپی یەکەم، سنە ساڵی (١٣٨٩) هەتاوی، ل٢١٤.**
**٣٨- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٤.**
**٣٩- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٥.**
**٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٣٩.**
**٤١ - هەمان سەرچاوە، ل٣٤٣.**
**٤٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧.**
**٤٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٧٧.**
**٤٤- هەمان سەرچاوە، ل٤٣١.**
**٤٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٣٦.**
**٤٦- هەمان سەرچاوە، ل٤٣٧.**
**٤٧ - هەمان سەرچاوە، ل٤٣٩.**
**٤٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٦٣.**
**٤٩ - هەمان سەرچاوە، ل٤٥٩.**
**٥٠- هەمان سەرچاوە، ل٤٧٥.**
**٥١- هەمان سەرچاوە، ل٤٧٧.**
**٥٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٩٤.**
**٥٣- هەمان سەرچاوە، ل٥١٠.**
**٥٤- هەمان سەرچاوە، ل٥٣٤.**
**٥٥- هەمان سەرچاوە، ل٥٥٩.**
**٥٦- هەمان سەرچاوە، ل٥٧٣.**
**٥٧- هەمان سەرچاوە، ل٥٩٠.**
**٥٨- هەمان سەرچاوە، ل٥٨.**
**٥٩- هەمان سەرچاوە، ل٤٧٩.**